ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## گەڕاندنەوەی ویندۆز.

نووسەر: :@

هەندێک جار لەبەر زۆر بوونی کێشەکانی کۆمپیوتەر یان ڕوودانی کێشەیەکی دەستبەجێ، پێویست بەوە دەکات کە کۆمپیوتەر بگەڕێندرێتەوە بۆ کاتی پێش ڕوودانی ئەو هەڵانە. لەم وانەیەدا چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو کارە شیدەکەمەوە. (لە ویندۆز XP).

کرتە بکە سەر Start>Accesseries>System Tools>Sysytem Restore




لەو پەنجەرەیەی کە کراوەتەوە، Restore My Computer To An Earlier Time هەڵبژێرەوە پاشان NEXT کرتە بکە.




پەنجەرەکە وەک ئەمەی خوارەوەی لێدێت.




1> لێرەدا ڕۆژژمێرێک هەیە کە دەتوانی کرتە بکەیتە سەر یەکێک لە ڕۆژەکانی و ببینی کە چ گۆڕانکاریەکت کردووە لە سیستەمدا. (کە لە بەشی ژمارە 2 دا دەردەکەون ).

بۆ نموونە: ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت لە 5 ی مانگی July دا دووچاری کێشەیەک بووە، دەبێ کرتە بکەیتە سەر ئەو ڕۆژە و پاشان لە بەشی ژمارە 2 دا خاڵێک هەڵبژێری پێش جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکاریەی کە بووەتە هۆی

سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە.

Next کرتە بکە بۆ بەردەوامبوون.




لە پەنجەرەی سەرەوەدا پێت ڕادەگەیەنێت کە کۆمپیوتەرەکەت دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کات و ڕۆژەی کە لەسەرەوە بە ڕەنگی سوور نووسراوە.

Next کرتە بکە، کۆمپیوتەرەکەت دەکوژێتەوە و جارێکی دیکە خۆی هەڵئەبێتەوە. پاش هەڵبوونەوە دەبینی کە کۆمپیوتەرەکەت گەڕاوەتەوە بۆ ئەو کاتەی کەخۆت هەڵتبژارد.

کۆتایی.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت